سەرۆک وەزیران جەختی لە گرنگی بەکارهێنانی پارەدان لەڕێگای کارتی ئەلیکترۆنی کردەوە



ئەمڕۆ یەک شەممە "محەممەد شیاع سودانی" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،جەختی لە گرنگی بەکارهێنانی پارەدان لەڕێگای کارتی ئەلیکترۆنی کردەوە ، هاوکات ئاماژەی بۆدا کە پایەیەکی بنەڕەتییە بۆ چاکسازی ئابووری.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-ئەمڕۆ"محەمەد شیاع سودانی"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوون بۆ گۆڕانکاری دارایی و ئابووری بۆ پارەدانی ئەلیکترۆنی و شۆڕشی فرەشتنی کرد،بۆ بازرگانیکردن بۆ کارتی ئەلیکترۆنی (POS)، بۆ ئامادەبوونی پارێزگاری بانکی ناوەندی و ڕاوێژکارانی سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ستراتیژی و ئابووری و بانکی، و بەڕێوەبەری گشتی پارەدان لە بانکی ناوەندی.

بڕیاری ناوەڕۆکی بەیاننامەکە:-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،گوێی لە پوختەیەک گرت سەبارەت بۆ دوایین هەڵکارەکان و وردەکارییەکانی جێبەجێکاریەکان گرت بۆ گواستنەوە و پارەدان بۆ کارتی ئەلیکترۆنی، لە دامودەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت،کە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە جێبەجێ دەکرێت لەگەڵ بەدواداچوون و چاودێریکردنی گواستنەوە و بەکارهێنان.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆکرا لەسەر ئەو باجی کە لەلایەن دەسەڵاتی

دارایی و بانکییەکانەوە وردەگیرێن.

هەروەک سەرچاوەکی ئینجومەنی وەزیران جەختی لەوە کردەوە کە دەبەت هاووڵاتیان لە بارگرانی دارایی زیادە دوور بخرێنەوە.

هووشیکردەوە:-کە ئامانج لەو سیاستی حکومەت ئاسانکارییە بۆ پارەدان لە هەموو بوارەکاندا،لە هەمان کاتدا دەستبەرکردنی ئاسایشە لە ئاستەکی بەرز.